
# بۆچی (ح. ك. ك. ا/ا) دوژمنی كۆمونیزمن؟

سەلام عەبدوڵڵا

مارکس: (. . . تەنها یەك ئامێر هەیە، ژانی مردن بە دەست مرۆڤکوژەکانی کۆمەڵگای کۆن، ژانی لەدایکبوونی خوێناوی کۆمەڵگای نوێ، کورت، ئاسان و چڕ بکات، ئەوەش تەنها ئامێری تیرۆریزمی شۆڕشگێڕانەیە.)



1/ ئایا مارکس/ئەنگلس، کۆمونییەکانی پاریس، لینین، رۆزا و لیبخنت لە کاتی بانگەواز بۆ کۆنگرەی حزبەکانیان، مێوانداری قەیسەر، بسمارك وهاوچەشنەکانیان دەکرد؟ دەیانگوت هەموو کەسێك بۆی هەیە لە کۆنگرەکەمان بەشداری بکات؟ مەنسوور حیکمەت و حیکمەتییەکان، کوڕی شا و نموونەکانی بۆ کۆنگرەکەیان دەعوەت کردو بەگشتی بەردەوامن لەسەر ئەم مێوانداریيە! ئایا ئەم هەڵوێستە پەیوەندی بەبیری مارکس و لینینەوە هەیە؟ ئەگەر رابەرانی بزووتنەوەی کۆمونیستی بەم کارە هەڵنەستاون، بۆچی حیکمەتییەکان ئەم گاڵتەجاڕییە"ئەم داهێنانە"بەناوی کۆمونیزمەوە پەیڕەو دەکەن؟

2/ ئەگەر ئەندامەکانی (ح. ك. ك. ا) شارەزاییان لە ئەدەبی بیرمەندانی کۆمونیزمی زانستی وباڵە جیاجیایەکانی ناو بەرەی چەپ لە سەردەمی مارکس/ئەنگلس و سەرەتای سەدەی رابردوو هەبوایە، مەنسور حیکمەت وەك بیرمەند ناو دەبرد؟بێ گومان نەخێر، ئەوە نامۆیی ونەزانیی ئەو کەسانییە لەو بیروباوەڕە کە وای کردووە بڵێن: مەنسوور حیکمەت، لینینی سەردەمە. . . . (م. ح) مارکسی سەردەمە. . . . هتد.

3/ ئایا بۆلشەفیکەکان، کۆمۆنییەکانی پاریس، ئەسپارتییەکانی ئەلمانیا لە کاتی قەیرانی دژوارو شۆڕشەکاندا (1905و ئۆکتۆبەر لە رووسیا، جەنگی جیهانی یەکەم، راپەڕینی1918 لە ئەلمانیا) خەریکی داڕشتنی شۆڕش و راپەڕین و بەرگری بوون، یا خەریکی کاری ریفۆرمکاری؟

ئەمڕۆ چینە ژێردەستەکانی عیراق بەدەستی سێ کوچکەی تاوان دەناڵێنن: لەلایەکەوە باندی ئەفسەرە دڕندەکانی موخابەرات، ئەمن، فیدائی سەددام و کادرە بەعسییەکان و ئەنسار ئەلئیسلامەوە کە بەناوی"موقاوەمەت"وە چالاکن، چاوەڕوانن سەرلەنوێ دەسەڵاتی گۆڕی بە کۆمەڵ زیندوو بکەنەوە، لەولاوە ئیسلامییەکان تیرۆری جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، لەولایشەوە داگیرکەرەکان وەڵاتەکەیان کردووە بە بنکەیەك بۆ سەربازی بۆ هەموو نەتەوە"مۆدێرن، دیموکرات، مرۆڤدۆست، سیکولار"ەکان!

لەم بارودۆخە ترسناکدارەدا، هەڵوێستی حزبی ناوبراو باشترین نموونەیە بۆ حیزبێکی کارتۆنی، بێ کەڵك و پووك، چونکە نە هەوڵی دادگاییکردن وسزادانی ئەفسەرو کادیرەکانی موخابەرات، ئەمن و بەعس و ئەنفالچییەکان دەدەن، نە رووبەرووی لەشکری داگیرکەرەکان دەبن، کەچی هەر هەمان ئەم گروپە، پێشی نزیکی دوو ساڵ شانازییان بە دامەزراندنی"مەکتەبی عەسکری حزب"دەکردو وێنەی مەشقپێکردنی ئەندامەکانیان بلاَودەکردەوە!! بە شانازییەوە هەواڵی ئەکتسیونی چەکدارانە بۆ ئازادکردنی ئەو ژنانە بلاَودەکردەوە کە لەلایەن مێرد و براو باوکیانەوە لەماڵەوە زیندان دەکران! ئەی ئێستا بۆچی هەوڵ نادەن ملیونان کرێکار و جووتیاری گەلانی عیراق لە زیندانی سێ کوچکەی تاوان رزگار بکەن؟ "لەشکری سووری کرێکاران"یان چی لێ هات؟ کەچی هەندێ لە گێلە ئەندامەکانیان بەمن دەڵێن تیرۆریست! من بەشانازییەوە تیرۆریستێکی لەشکری سووری کرێکارەکان و زەحمەتکێشانم، هەڵبەت تەنها و تەنها بە گوێرەی بۆچوونەکانی مارکس/ئەنگلس و لینین کە دەڵێن: پاش تێکشانی شۆرشی 1848، مارکس دەڵێ: (. . . تەنها یەك ئامێر هەیە، ژانی مردن بە دەست مرۆڤکوژەکانی کۆمەڵگای کۆن، ژانی لەدایکبوونی خوێناوی کۆمەڵگای نوێ، کورت، ئاسان و چڕ بکات، ئەوەش تەنها ئامێری تیرۆریزمی شۆڕشگێڕانەیە-جلد5، لاپەڕە457) . هەروا: (گەلێك بییەوێت بە سەربەخۆیی خۆی بگات، نابێ لە سنووری ئامێرە جەنگییە ئاساییەکان ڕاوەستێت. ڕاپەڕینی جەماوەری، جەنگی شۆرشگێڕانە، لە هەموو شوێنێك پارتیزان، تەنها ئامێرێکە بە ڕێگایەوە، گەلێکی

بچوك له دەست گەلێكی گەورە رزگاری دەبێ، بەم ڕێگایەوە، كەمایەتییەك، لەشكرێكی بەهێز ڕادەگرێت، لە ڕووی هێزدار و ئەوانەی بە بەباشی خۆیانیان ڕێكخستووە بەرگری بكات. –جلد6، لاپەڕە 387) . و بەم شێوەیە باسی پیاوە تیرۆریستەكانی پاشا دەكات: (تیرۆریستەكانی خودا و پاشای پیرۆز كە لە پراكسیسدا داپلۆسێنەر، حەقیر و چەپەڵن، لە ئاستی تیئۆریشەوە، ترسنۆك، شاراوە و دوو ڕوون، لە هەردوو پەیوەندییەكانیشیاندا بێ كەرامەتن. . . جلد 6، لاپەڕە 505) .

لینین لە ووتاری گیانی سەرچڵی شۆڕشگێڕانە دەڵێ: (. . . كاتێ خۆپیشاندانەكان بەهێز بوو، دەستمان كرد بە بانگەواز بۆ ڕێكخستنی، بۆ چەكداركردنی جەماوەر، ئەركی ئامادەكردنی ڕاپەڕینی جەماوەریمان پێشنیار كرد بەبێ ئەوەی وەك پرەنسیب هەرگیز ئینكاری زەبروزەنگ و تیرور بكەین، داوای كاركردنمان كرد بۆ ئامادەكردنی شێوەكانی زەبروزەنگ بەو ئامانجە، جەماوەر ڕاستەوخۆ بەشداری بكات و دابینی ئەم بەشداریكردنە بكرێت. . . (جلد2، لاپەرە252 بە عەرەبی) . لینین"ڕەفزی تیرۆری تاكڕەوانە دەكات". . . "تیرۆر بەبێ جەماوەری كرێكاران، بێكەڵكە". . . "نەك ئەو تیرۆرەی كە لە پرۆسێسی شۆڕش لەلایەن جەماوەرەوە بەكاردەهێنرێت و وڵات نوێ دەكەنەوە".

بەڵام لینین چەندین پرسیاری ڕەوا دەخاتە پێش چاو: ئایا ئەوە تیرۆر نییە، پاپۆڕی جەنگی هەموو جیهان، وڵاتێكی برسی گەمارو دەدەن؟ ئایا ئەوە تیرۆر نییە، نوێنەرە دەرەكییەكان، بە پشتبەستن بە پاراستنی دیبلۆماتییان، ڕاپەڕینی گاردە سپییەكان ئۆرگانیزە دەكەن؟ ئەمە پەیوەندی هەیە بە هێرشی چەتە جیهانییەكان، بە ڕێگای جەنگی لەشكرێكی وەحشی، كە مرۆڤ ناتوانێت بە ووشە، بە سەلماندن یا بە هەر ئامێرێكی تر، پاشەكەشەیان پێبكات (لینین 30، لاپەڕە212) . . . "بەڵام دەسەڵاتی سۆڤێت لە تیرۆرەوە سەرچاوەی نەگرتووە (جلد 30، لاپەڕە 317) ئەم تیرۆرە تەنها وەڵامدانەوەیە بە تیرۆری بۆرژوازی، چونكە پۆزیتسیونێكی مام ناوەند نییە لە نێوان تیرۆری گاردە سپییەكان و پێداویستی <u>وەڵامدانەوەی بەسوودی تیرۆری سۆڤێت</u> (جلد32، لاپەڕە370) . . .

ئەمەیە بۆچوونی كۆمونیستەكان، بۆیە هەرگیز نابێ ئەو پروپاگەندە چەپەڵانەی (ح. ك. ك. ا/ا) دژی كۆمونیستەكان بەبێ وەڵام بمێننەوە. خۆشەویستی مرۆڤایەتی ئەرنیستۆ تشی جیڤارا لە بیرمان دەربكات! ئەم"تیرۆریستە" ئێستایش لە سەرتاسەری جیهان، وەك سمبۆلی موقاوەمەتی نەوەی نوێی ماوەتەوە. لە پرۆتێستەكانی مانكی ئۆكتۆبەر دژ بە یەكێتی ئۆروپا لە بەلژیگا، هەزاران كچ و كوڕی وڵاتە ئۆروپییەكان، بەكراسی سوورەوە، ڕازاوە بە وێنەی جیڤارا خۆپیشاندانیان دەكرد. هێزە ئەنتی فاشیستەكان بە شانازییەوە ناوی شاری بەرگری و سەركەوتن (ستالینگراد) بەرز دەكەنەوە! لە كوردستانیش بەشانازییەوە باسی تیرۆر و توندڕەوی ڕاپەڕیوەكان لە دژی تیرۆری ڕەشی فاشیستەكان دەكرێت. . . دەبا بژی تیرۆری شۆڕشگێڕانە لە دژی پاشماوەكانی بەعس و داگیركەران لە عیراق!

4/ ئەم گروپە بەبۆنە و بە بێ بۆنە باسی"خۆشەویستی ئازاد"و"وەحشیگەریێتی رۆژئاوا"دەكەن. ئەگەر ئەم برادەرانە تۆزێك شارەزاییان هەبوایە بە بۆچوونی رابەرە كۆمونیستەكان، ئەو جۆرە بۆچوونە ناكۆمونیستیی سەقەتانە دووبارە دەكردەوە؟

بۆ نموونە: ئەوە هاوڕێ لینینە دەڵێ: (من وەك كۆمونیستێك، هیچ سۆزێكم نییە بۆ تیئۆری ( (پەرداخی ئاو) ) ، سەرەڕای رازاندنەوە بەناوی ( (خۆشەویستی ئازاد) ) . جگە لەوەش ئەوە نە نوێەی و نە سەرچاوەكەی كۆمونیستییە. . . .) یا با خۆیان بروانن بە كورتە ووتارەكەی هاوڕێ لینین بەناوی (ئۆروپییە شارستانییەكان و ئاسیاوییە دڕندەكان) و وتاری (كۆنگرەی جیهانی پێنجەم بۆ بنەبڕكردنی سۆزانی) ودەیان وتار و نووسینی تر كە دووباتی نامۆیی ئەم حزبە دەكەن لە بیروبۆچوونی كۆمونیزم.

بەكورتی دەڵێم، باس كردن لە سووكایەتی ئەم گروپە دژی كۆمونیستەكان زۆر هەڵدەگرێت، زۆر باشترە ناوی كۆمونیزم لە خۆیان هەڵگرن و بڵێن ئێمە دیموكراتین و دەمانەوێت كێشەی ئاین، نەبوونی مافی ژنان و چەوسانەوەی نەتەوەكان كە كێشەگەلێكن پەیوەندییان هەیە بە شۆڕشی دیموكراسی بۆرژوازی، چارەسەر بكەین، یا بیپێچنەوە دەست لە گاڵتەجاڕی بهێنن. . . . !

9. 8. 3002

**تێبینی كوردستان نێت:**

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.